# چوار هۆنراوەی جیهان عومەر

## باخچەیەکی تەواو نیم
## سیمیۆلۆژیا
## مێروو لە بۆ نوودەقی خۆی زێدە ڕێزی کرد
## کاتێ پێکبڕوایی دەلەقێ

و: عەباس عەبدوڵا یووسف

### ١ – باخچەیەکی تەواو نیم

وەک گوڵێک
لێ دەگەڕێم هەنگ بەسەر رووما بوەستێ
هەست بە پێیە نیانەکانی دەکەم
بەسەر کوڵمەم دا ئاپۆرە دەبن
لە جووڵە دەوەستم
لە فرمان پێدان بە جەستەم
خۆ لادەدەم
هەر ئەوەندە بەس بێ

به خامۆشی زێدەڕێزی لەو ساتە بنێم
نیگانۆڕی هەنگ دەکەم
تا سەرملم دادەبەزن
پێموە دەدەن و بە ناسکی
شیلەم لێ هەڵدەمژن
لە پشت ئارەزووی بە جۆشیا خۆم دەشارمەوە
ئێستا چاوەکانی خۆمم خۆش دەوێ
چونکە جوولەیان، بوونم دەسەلمێنن و
توانایيم پێ دەدەن، ئەو هەنگە زۆربووەی ببینم
کە بە پەرۆشەوە دێت
بوێرتر ببینم
بەرەو دەربەندێکی گەلە تەسکی
نێوان دوو مەمکان هەڵدەخشێ
شەو، دەخزێمە ناو چێشتگە و
گۆسکۆکەی هەنگوین دەکەمەوە
بە شانازییەکی شاراوەش
کەوچکێکی بچکۆلانەی لێ پڕ دەکەم و
دەس پێ دەکەم خۆم خۆم تام دەکەم

## ٢- سیمیۆلۆژیا

کچێ سپی لەبەر مەکە
بێگەردت دەکا
بەڵام لاوازیت ئاشکرا دەکات
سوور لەبەر مەکە
دەتکاتە شۆخێک

بەڵام ئابڕووی تامەزرۆی سێکسیت دەبات
زەرد لەبەر مەکە
وەک پارچە هەتاوێکت لێ دێت
بەڵام تەنیاییت دەسەلمێنێ
ڕەش لەبەر بکە.. تەنیا ڕەش
بە درێژاییی کات لەبەری بکە
ئەو ڕەشە، ڕوخساری رووت پیرۆز دەکات و
وەک ئاسمانێک وایە پیرۆزانە بۆ مانگ دەبێژێ
ئەو ڕەشە هەستێکم پێ دەدات من مردووم و
تۆش لە ماوەی ماتەمگێڕان دای
فرمێسکەکانت ئاوێتەی دەنکەقاوە دەکەیت و
لە دۆلآی جلکەکانت
مۆم هەڵدەکەیت
تا لە زێدە ڕێزلێنان بەو کۆچبارییەم دا
فستانە ڕەنگاوڕەنگەکانت سەما بکەن

٣ – مێروو لە بۆ نوودەڤی خۆی زێدە ڕێزی کرد
خۆم و کچە برادەرەکەم، ئەوەی هۆنراوە دەنووسێت
بەیەک دەگەین
تا بەیەکەوە گۆشتی برادەرە مردووەکانمان بخۆین و
بۆ وەی تاڵاتییەکەش لە ناو قورگمان نەمینێ
ئایس کرێمی ڤانیلیا دەخۆین
کە لە درەنگ توانەوەیدا
حەز بە دڵۆپە داچۆڕاوەکانی دەکەین
زمانەکانمان گەرمە و وەک وردە ماریش

به دەوری چیایە سەهۆڵەکەدا دەجوولێن
حەزم کرد هەندێ گوڵ
پێشکەش بەو کچە بکەم
دایکی دەرگای بۆ کردمەوە
چاوم بە کچێک کەوت قژی بژ و بڵاوە و
لە نێو کتێب و پەڕی پەرت و بڵاو و قودووی بە تاڵی بیرەدا دانیشتووە
بەسەر کەرتەنانی وشکیشدا
خەرمانە مێروویەک ئەنیشکی داداوە.
بەختەوەر دەسووڕێتەوە
لە چییەتی ئەو نەخۆشییە
لە دایکەکەیم پرسی
بەیەک مست خراپەکاری لە کچەی دوورخستەوە
وتی ئەوە خۆی ئەوهایە
لەوەتی لە من بووە
تەوەزەلە وەک فیلێکی بچکۆلانە
هەندێ گەڵای گوڵ
بەسەر مافوورە بێ نەخشەکانیدا هەڵوەرین
سەرەڕای ئەمەش من گوێم پێ نەدا
کە بەو سەردانە ناکاوەم تووڕە بوو
سۆندەی ئاوم هێنا و
رووەو ئەوم کرد

٤ – کاتێ پێکبڕوایی دەلەقێ

به نەرمی دەستی درێژ دەکات
بەرەو خۆم دەبزوێ

**بەرەو خۆی پاڵی پێوە دەنێم**

**دەچێتە لای ئەو**

**جا ئەوها**

**کچە بە ئێمە پێ دەکەنێ**

**وەک کیژۆڵەیەکی بچکۆلانەی ناو جۆلانەیەک**

**بڵند دەبێ و دێتە خوارەوە**

**پڕ خۆشباری دەبێ**

**هەست بە سەرسوڕان دەکات**

**ئەوەندەی بەسە**

**ناو لەپ بڵند دەکات**

**تا بوەستێن**

**بۆ ئەوەی هەناسە وەرگرێت**

---

* خاتوو «جیهان عمر» شاعیر و نووسەرێکی میسرییە، لە بەشی فەلسەفە و لەبارەی نیچەوە خەریکی ماجستێرە. ئەمانەشی چاپ کردووە:

پێی سووکەلە ٢٠٠٤ * بەر لەوەی رقمان لە پاولۆ کویلهۆ بێتەوە ٢٠٠٧ و

نوێترین بەرهەمیشی : وێنەیەکی نوێ.

* چێشتگە، چێشگە = مطبخ، ناندین.

* خۆشباری = غبطە.

* سیمیۆلۆژیا= سیمیۆلۆجیا

* ڤانیلیا، ڤانیلە = Vanilla بەرهەمی رووەکێکە نیشتمانە بەرادییەکەی ئەمریکای ناوەڕاستە و پاشان لە وڵاتانی هێڵی هاوڕاست چاندرا، هاڕاوەکەی بۆ تام و بۆی خۆش دەخرێتە نێو شیکۆلاتە و شیرنەمەنی و ئایس کرێمەوە